# گازی سیێناپ و هەڵەبجە !!

ئەوەی لای ئێمەی کورد روون و ئاشکرایە کە لە هەشتاکاندا بە پلانێکی دارێژراو رژێمی پێشوی عارەبی بەغدا زۆربەی زۆری رووبەری باشوری کوردستانی بە گازی سێناپ Mustard-gas ژاراوی کرد و ژمارەیەکی زۆریش لە دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان گیانیان لە دەستدا هاوکات لەو هێرشانەدا تەنانەت ئاژەل و گیانداران و باڵندەش رزگاریان نەبوو . دڕندانەترین و ناشیرینتریت کاری نامرۆژانەی عارەبەکان دژی کورد ژاراویکردنی کوردستان بوو بە تایبەتی شارۆچکەی هەڵەبجە ، کە بۆتە مۆرێکی تەڵخ بە تەوێڵی هەموو عارەبەوە بە تایبەتی سەرانی بەغداد . لە 16 ی مارس ی 1988 دا لە شارە بچکۆلانەکەی هەڵەبجەدا نزیکەی 5–10 هەزار کورد بە گاز ئاخێنران و چەندین خێزان ئاوارە و دەربەدەر بوون و هەندێگیان لە دوور ولاتیدا سەریان نایەوە و ژمارەیەکی دی هەرچەندە لە ژیاندا ماون بەلام لە ئەنجامی ژاراوی بونیانیندا چەندین گیروگرفتی دەروونی و جەستەیی یان تووشبوە و رۆژانە بە دەست ئازارەکانیانەوە دەتلێنەوە . سەرباری ئەمانەش گازەکە کاری کردۆتە سەر جینی سەر کرۆکۆسۆمەکان و ئافرەتانی دەڤەرەکە منداڵی سەقەت و ناتەواویان دەبێت کە یەکێکە لە ئالۆزکارییەکانی پاش ژاراوی بوونەکە .

یەکێك لەو بریندارانەی رۆژانێك مانشێتی گۆڤاری پزیشکی (Joural of the American Medical Association) ی ئەمێریکای بووە کاك (موحەمەد عەزین) ە کە لەو هێرشە کیمیاییەدا 15 خزمی بوونەتە قوربانی . توێژینەوەیەکی گۆڤارەکە دەبێژێت کە موحەمەد یەکەم دۆکومێنتە کە ئێراق چەکی بەکۆمەڵکوژی هەیە و بەکاری هێناوە و ئەو گازە کیمیاییە بۆتە هۆی ناتەواوی یان تێکچوونی بۆریچکە هەواییەکانی نەخۆش و تا دواساتی ژیانی دەبێت بەو بارودۆخە نالەبارەی تەندروستییەوە بناڵێنێت .



Dr. Aaron Milstone examines Mohammed Aziz,.
Photo by Dana Johnson. August 08, 2003

ئەوەی راستی بێت Dr.Aaron Milstone لە Vanerbilt University Medical Center و توێژیارانی دی دەڵێن :

لە ئەنجامی ئەو کیمیابارانەدا موحەمەد کوێربووە ، کۆکەیەکی نارەحەت و تەنگەنەفەسی لە گەڵدایە لەبەرئەوە پێویستی بە سی نوێ هەیە بۆ چاندن، چونکە سییەکانی نێوبراو تەنیا لە 25٪ کاردەکات .

ئەو کاتەی موحەمەد عەزیز تەمەنی 39 تەمەنی ساڵان بوو ماوەی مانگێگ چاوەکانی کوێربوون ، هەتا ئەمڕۆش کۆکەیەکی تەڕی درێژخایەنی لە گەڵدایە و هاوکات تووشی کورتبوونەوەی هەناسەدانی کردووە . بەپێی Dr. Milstone ژمارەیەکی زۆر کوردی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کیمیایی پیاداکراوە بۆ ماوەیەکی درێژ بە هەمان گیروگرفتەوە دەناڵێنن .

گازی سێناپ کە لە هەڵەبجەدا بەکارهێنرا هەر ئەو پێکهاتە کیمیاییە بووە کە لە جەنگی دووەمی جیهانی دا بەکارهێنراوە و لە 5٪ ی ئەو کەسانەی گازەکەیان بەرکەوت مردن . بەپێی مەڵبەندی کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی ئەمێریکایی (CDC) ئەو کەسانەی لە کوردستان گازەکەیان بەرکەتووە لەوانەیە ماوەیەکی نادیار ئەم نیشانانەیان هەبێت :

- پێست

سووربوونەوە و خوراندنی پێست .

- چاوەکان

ئازار ، کزانەوە ، فرمێسك هاتنەخوارەوە به چاوەکاندا ، ناوبەناو کوێربوون .

- بۆریەکانی هەناسەدان

پژمین ، شلە هاتنەخوارەوە بە لووتدا ، کۆکە ، خوێن پژانی لووت و کورتی هەناسەدان .

جگە لەو نیشانانەی سەرەوە لەوانەیە ئەم نەخۆشییانەش دەربکەون (Chronic bronchitis, Airway hyperactivity, bronchitis’s, pulmonary fibrosis)

- بۆریەکانی هەرس

هێڵنجدان و رشانەوە ، تا ، سکچوون و ژانە سك .

**سەرچاوە**


سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

1- پەیوەندی نامەی ئەلەکترۆنی نێوان د. زاهیر و کاك موحەمەد .

1. Jason W. W. Thomason; Todd W. Rice; Aaron P. Milstone. Bronchiolitis Obliterans in a Survivor of a Chemical Weapons Attack
JAMA, Aug 2003; 290: 598 - 599.
2. SAMEH FAHMY, Mustard-gas study looks at local Kurd. www.mc.vanderbilt.edu